# چی وات لێدەکات دژی بۆچوونەکانی خۆت بیت؟

**سردار عبدالکریم عبدالله**

کاتێ چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز مەهاباد قەرەداغی لە هەفتەنامەی ئەمڕۆی ژمارە 58 دەخوێنیتەوە ئەم تێبینیانەت لا دروست دەبێت:

مەهاباد خان لە وەلامی پرسیاری یەکەمیدا،لەخالێ یەکەم دەلێ:"**بنوسەکانیشیان نەسەنگیکی ئەدەبی ونە سەنگێکی ساسییان هەبوو**."سەنگی سیاسی و ئەدەبی چ پەیوەندیەکی بە ئازادی ڕادەربڕین و دیالۆگ هەیە؟مەهاباد لێرەدا ئەوەندە خۆ بەزل دەزانێ و خەڵکی پێ کەم و نزمە تەنها مافی ڕەخنە،قسە و نوسین بەو بەرپرسە زەبەلاح و کەسایەتیە ناسراوانەوە ڕەوا دەبینێ کە خۆی ئۆکەیشنی مەزنی و ناوداریان دەداتێ، بەهۆی ئەم بیرکردنەوە چەوتەوە دەکەوێتە پۆلینکردنی ئەوکەسانەی مافی قسەو ڕادەربڕینیان هەیە،کەچی بەڕێزیان باس لە ئازادی و دیالۆگ دەکات.ئەم جۆرە بیرکردنەوانە سەرباری ئەم خۆبەزل زانینە لایەنێکی تریش بەدیار دەخات ئەویش گیانی ماستاوکردنە بۆ بەرپرسان،بە جۆرێک ئەو شتەی کە بەرپرسەکان لە دژی ئەو قەڵەمانە بۆیان ناکرێت ئەو ڕایدەپەڕێنێت،مەهاباد خان بە نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆی ئەوان هێڵی ڕاست و چەپ بە خەیاڵی بەرزە فرین و پۆست بەسەر خەڵکی دادەهێنێ.ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی کە لەم خاڵە هاتووە ئفرازاتی ناخی بەڕێز مەهابادە،ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش دەیکاتە خانمێکی دیکتاتۆر.لەم پەڕەگرافەیدا خانمی ئازادیخواز بە عەقلیەتێکی نا دیموکراتیانەی چەوت مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێ،کەچی بێئاگا هەر لە هەمان چاوپێکەوتندا (کاتێ داوای ئازادی دەکات بۆ خۆی) و لەوەلامی پرسیاری سێیەمیدا دەکەوێتە دژایەتی بۆچونەکانی خۆیەوە.

لەخالی دووەمی وەلامی پرسیاری یەکەمدا دەلێ:"**قەڵەمی من بۆ پرسی کورد و پرسی ژنی کوردە**."لەبەر ڕۆشنای کام پرنسیپ و بەکام ڕەبەی نوسین کارەکانی خۆی بە کوردایەتی و ..هتد دەزانێ و بەکام پیوەریش ئەم مافە لەخەڵکی تر دەسەنێتەوە؟ ئەم خۆ بەزل زانینەیە و لە خۆباییەی مەهاباد خان هەم فیتەی عەقلی زۆر کورتکردۆتەوە و هەم تووشی لە بیرچونەوەشی کردووە،بەرەنجامەکەشی بۆتە هۆی ئەوەی یەکیتی بابەت لە چاوپێکەوتنەکەی بسڕێتەوە.سەیری وەلامی پرسیاری سێیەمی بکەن کە لێی دەپرسن:**سڕینەوەی نووسەرێک یان ڕۆشەنبیرێک بەکام بیرکردنەوەی ئەخلاقی ئەدەبی دەکرێت**؟دەلێ :"**ئەو کەسەی بڕوای بە دیموکراسی هەبێت واتە دیالۆگ و پلورالیزم و مافی بەرامبەری قبوڵە،ئەوەشی بڕوای بە سڕینەوە هەبێت بڕوای بە دیالۆگ نیە و دیموکراسی نییە هیچ پیوەرێکی ئەخلاقی مرۆڤانە بۆ سڕینەوەی ئەوی دی کە جیاواز بیردەکاتەوە بوونی نیە.ڕەنگە ئەو جۆرە ڕەفتارانە لە یاسای جەنگەلدا جیگەی ببێتەوە**."مەهاباد حوکمێکی باشی داوە( **یاسای جەنگەلدا جیگەی ببێتەوە**)،بەلام ئەم حوکمە هەر لە هەمان سەرچاوە بەر لەهەموو کەس بەرسەر خۆیدا دەچەسپێت،چونکە لە خالێ یەکەمی پرسیاری یەکەمیدا

زۆر ڕاشکاوانە سڕینەوەی نووسەرایەتی و سیاسی بوونی خەڵکیتر ڕادەگەێنیٚ.تەنها تاوانی ئەو خەڵکانەش ئەوەیە ڕەخنەیان لیٚگرتووە.
لە خاڵی سیٚیەمی وەڵامی پرسیاری یەکەمیدا دەلیٚ:"**ئەوانەی ئەو هیٚرشانەیان کرد پیٚیان وایە دەسەڵاتی کوردی هیچ فەرقی نییە لەگەل ڕژیٚمی دیکتاتۆری بەعس،بۆیە دیدار لەگەل سەرکردایەتی کورددا بەگەورەتریین نەنگی دەزانن،دەیانەویٚ هەمووکەسیش وەک ئەوان بیربکاتەوە.....مەخابن ئەمانە کوردیشن..لەو نووسینانەدا بەئاشکرا داوای شەڕی نیٚوان لایەنە کوردستانیەکانیان کراوە(کردوە)،دەبیٚت ئەو کەسانە چ ناویٚکیان لیٚ بنریٚت؟**" ئەگەر لەمیان ئەم چەند دیٚرەوە لەبارە دەروونیەکەی بەڕیٚز مەهاباد ورد ببینەوە دەبینین مەهاباد هەوڵدەدا شەڕیٚک لە نیٚوان خەلکانیٚک بخولقیٚنیٚ کە بە کەیفی ئەو و بەرپرسەکان نەیان نووسیوە،کەچی لەلایەکی تردا داوای ئازادی،دیالۆگ،پلورالیزم و گەشەپیٚدانی کەلتووری ئاشتی ...هتد دەکات.لەمیانی ئەم قسانەیدا گیانیٚکی شەڕانگیٚزی کینەتۆزی هەست پیٚدەکریٚ نەک پیٚکەوە ژیان و دیالۆک و قبولکردنی ڕای بەرامبەر کە دەلیٚت:" **بۆیە دیدار لەگەل سەرکردایەتی کورددا بەگەورەتریین نەنگی دەزانن،دەیانەویٚ هەمووکەسیش وەک ئەوان بیربکاتەوە.....مەخابن ئەمانە کوردیشن**."هیچ کەسیٚک لەم نووسەر و خەڵکە سیاسیانەی مەهاباد باسیان دەکات لەو ئاستە نزمەدانین تا نەزانن جیاوازی نیٚوان ڕژیٚمی دیکتاتۆر و ئەم سەرکردە کوردانە چیە،**بەڵام بەڕای هەموو مرۆڤیٚکی ژیر ئەم شەکرەی کە بیٚشکچی شکاندویەتی بەو مانایە نیە سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕیٚگا بەخۆی بدات ببیٚتە دیکاتۆریٚکی کورد نەژاد یان خەڵکی ئامادەبن تەنها لەبەرخاتری کورد بوونیان ڕیٚگایابدەن ئەم زاتانە ببن بە دیکتاتۆریٚکی تر یان لە خراپترین نمونەکانی حاکمیەت بن؟**لەم چەند ڕستە شەیتانیانەدا مەهاباد خان دووشتمان پیٚدەڵیٚت سەبارەت بە سەرکردە و بەرپرسانی کورد:پەیامی یەکەمی ئەوە بەدیاردەخات کەوا دیکتاتۆریەت و حەز بەڕەخنە نەکردن کاراکتەری سەرکردایەتی سیاسی کوردە،هەر ڕەخنەیەک لەم زاتانە واتە سنوور بەزاندن و پەتک پساندنە دەرحەق بەوان ،بۆیە بەڕیٚزیان هەوڵدەدات سکاڵا لە دژی ئەم ڕەخنەگرە(خائینانە وەک مەهاباد دەلی)بەرزبکاتەوە تا سزابدریٚن،پەیامی دووەمی مەهاباد ئەوەیە کە دەیەویٚ بەم جۆرە قسانەی ئەو کەسانە لای سەرۆک و بەرپرسە حیزبیەکان ناوزڕا و ڕەزاقورسیان بکات،ناڕاستەوخۆش هانی سانسۆر دەدات تا ئەم جۆرە کەسانە سزا بدریٚن چونکە کوردانە(وەک مەهاباد) بیرناکەنەوە،کەمتریش ڕەخنە لە بەڕیٚزیان بگرن.ئایە ئەگەر ئەوانە نەبن دەبیٚ مەهاباد خان مەبەستی لەم سکاڵاکردنە چی بیٚ؟بۆ کەمکردنەوەی بواری ئازادی ڕادەربڕینە یان خۆ بردنەپیٚش و خۆشەویست کردنە لای بەرپرسەکان؟ئەم مرۆڤانەی کەوا مەهاباد لە کوردایەتیەکەیان ڕازی نیە دەکریٚ ناوی ئەوەیان لیٚبنریٚت (مرۆ ئەنارشیەکان)،(ڕەخنە گرە توندڕەوەکان) یان(ئازادانە بیردەکەنەوە)،(بە ویژدانی خۆیان دەئاخفن نەک بە ویژدانی پۆستی سیاسی)...هتد.بەڕیٚز مەهاباد ئایە دەزانی تومەتی خیانەت زۆر گەورەیە،لەوە ناترسی داوات لەسەر

تۆماربکرێت؟لەوانەیە زۆرێک لەوانە سەرکردایەتیەکەیان زۆر لێیان ڕازی بێت،بەلاّم فشەفش بەم شتەنەکەن یان تا ئێستاش حیزبین و سەرکردەکانیشیان لە مەهاباد خۆشتردەویٚ،بەلاّم لە ئاست نا عەدالەتی و هەلّەکانیش بێدەنگ نابن.بەهانەی کورد بوون ناکەنە سەکی غوفران و پاکانە بۆ هیچ ناعەدەلەتیەک ناکەن.نازانرێت لەپای چیە مەهاباد زۆر بەڕاشکاوانە  ئەو پەیامە دەدات بەگوێمان کە نابیٚ دەسەلاّتی کوردی بخرێتە بەر ڕەخنە،بۆ؟چونکە بەیانی مەهاباد خۆی پۆستێکی سیاسی وەردەگرێت و دەکەوێتە ناو بازنەکەوە.خەلّکێک هەن دەتوان نێوانی ڕستەکانت بخوێنەوە،ئەم خوێندنەوانە خەلّکی هوشیار دەکاتەوە و ڕەخنەت لێدەگرن چونکە دەزانن تۆ هێشتا پۆستەکەت وەرنەگرتووە بەم شێوە ئازادی و دیالۆگ و ڕای بەرامبەر قبول ناکەیت.**دەستەواژە و ڕستەکانی ئەم چاوپێکەوتنەت نەک تەنها بانگەشەن بۆ بەکارهێنانی مەقەسی سانسۆر لە دژی چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی نووسەران و ڕۆشەنبیران بەلّکو هانی بەرپرسان دەدەیت کە زمانیشیان ببڕن.**لێرە پرسیارێک دەکرێت،هێشتا پۆستەکەت ساغ نەبۆتەوە،نازانی ئایە وەریدەگری یان نا ئەمە هەلّوێستت بیٚ؟ئەی ئەگەر بوویتە بەرپرس دەبیٚ بەرنامەی کارت چی بیٚ؟بەم پێوەرەبێت هەزار ڕەحمەت لە کفن دز.

بەڕێز مەهاباد زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا ئەو ئازادانە بیر دەکاتەوە ،بەلاّم خەلّکی نا نووسەر و سیاسی(بنووس)فشاری بۆدەهێنن تا وەک ئەوان بیربکاتەوە و بنووسێت؟!دیارە کیٚ دەیەوێت وەک خۆیان بیربکەنەوە و ببن بە گەلە مرۆڤێکی یەک شێوە(نەمەتی)،دیارە کیٚ داوای ئەم شێوە بیرکردنەوانەدەکات.**تۆ هەر لە نیوە لاپەڕەیەکدا ئەم هەموو ڕاستیانەت ئاشکراکردووە،خۆت کردووە بە دلسۆزترین کورد و ناسنامەی کوردایەتی دەبەخشیەوە. مەهاباد خان زۆر لەو خەلّکانە بە قەدەر هەموو کتابەکانی تۆ لەسەر ئەم میللەتە ساچمە و گوللە بەرگیان کەوتووە،بەقەدەر هەموو ئەو وشانەی لە نووسینەکانت بەکارت هێناون دیناری سویسرپیان لەسەر کوردایەتی بەفیرۆداوە،قامچیان لە زیندانەکانی بەعس خواردووە،واقم لەم جورئەتەت وڕدەمێنیٚ کە چۆن وا بە ئاسانی دەیانخەیتە خانەی خیانەتەوە،لەپای چی؟**

چوارەم خالّ لە وەلاّمی پرسیاری یەکەمتان ئاماژە بۆ گەشەپێدانی کەلتووری ئاشتی و دیموکراتی دەکەن،وەک ئاشکرایە هەرکاتێک مرۆڤ هەستی بە مافخوران و زولّم کرد،ئەگەر ئەم ڕەفتارانە لەلایەن برای خۆتەوەش بێت قبولّت نیە.گەشەپێدانی ئەم کەلتوورەی باسی دەکەیت ئەو کاتە پیادە دەکرێت کەوا  پەڕاوێزەکانی ئازادی بیرو ڕا، پاوان نەکرانی دەسەلاّت،سیستەمێکی دامەزراوەیی، دادوەریەکی پاک،شەفافیەت لە داهات و مەسروفات،..هتد هەبن،بەلاّم ئایە ئەمانە لەو کوردستانەی کە بەڕێزتان باسی دەکەن و لەسایەی ئەم سەرکردانە بوونی هەیە؟بە دلّنیاییەوە نەتۆ و نە هیچ سەرکردەیەک ناتوانیٚ مافی کورد بوون لەم نووسەر و خەلّکە سیاسیانە بسەننەوە کە ڕەخنە لە تۆ و لەوان دەگرن.تۆ بە برە ڕەخنەیەک وا بانگێشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ وەرگرتنەوەی ناسنامەی

کوردایەتی لەم کەسانە و سزادانی ئەم ڕەخنەگرانە دەکەیت،تۆ هانی ئەم سەرکردانە دەدەیت دژی پێکەوە ژیان و کەلتووری ئاشتی و دیموکراسی و یەکتر قبولکردن بن نەک ئەم نووسەر و سیاسی ڕەخنەگرانە.

خاڵی پێنجەمیش سەبارەت بە دیدارەکانیەتی لەگەل بەرپرسانی کوردستان.وەک خۆی لەوەڵامی پرسیاری شەشەمی دەڵیت:"**ئەو پۆستە بەمن پێشنیارکرا و من بەشانازییەوە قبولم کرد**."بەڵێ کورد دەڵێ (مانگا بەدزی ... دەخوا بە ئاشکرا دەزێ).وەرگرتنی ئەم پۆستە و ئەم بەرگریەت لە دەسەلات و ئەم شێوە چاوپێکەوتنانەت بەڵگەن کەتۆ بەمەبەستی وەرگرتنی ئەم پۆستەی کە باسی دەکەیت چویتەوە کوردستان نەک بۆ مەسەلەی ژنان و دیموکراتیەت،ئەگەر وایە نامەی ڕەسمی رێکخراوەکەتمان نیشانبدە کە تیایدا بەڕێزتان مخەوەلکراون بۆ ئەم ئەرکە. قساکانت لەوەڵامی پرسیاری شەشدا بەڵگەن کەوا لە کوردستان ئەم دەسەڵاتەی بەڕێزیان باسی لێوەدەکاتن عەیار بیستوچوار نیە،قابیلی ڕەخنەن ،چونکە هەر خۆی لەم چاوپێکەوتنەدا بە باسکردنی بەخشینەوەی پۆست سیاسی ئەم دەرگایە بۆ خەڵکی دەخاتە سەر گازەرای پشت.لێرە وەرگرتنی پۆست جێگای ڕەخنەی ئێمە نیە،تۆنا یەکێکی تر هەر وەریدەگرێ؟! بەڵکو ئەوەی جێگای ڕەخنەیە لە بەڕێزتان ئەم سڕینەوە و دنەدانی بەرپرسەکانە دژ بە نووسەر و سیاسیە ڕەخنەگرەکان و هاندانی زیادکردنی سانسۆرە لەسەر نووسین و بیروڕا و بەشینەوەی ئارمی خیانەت.

ڕەخنە ئەوەیە ڕێگا ڕۆشن بکات،بەلام تۆ هەوڵدەدەیت دەرگای ڕەخنە بگریت و نووسەر و ڕۆشەنبیری ڕەخنەگر بە تاوانبار بزانی.تۆ لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەتدا لە **ئەمڕۆ** دارت لەم خەڵکانە هەڵگرتووە کە دژبە کەم و کوڕیەکانی دەسەلات لە کوردستان قسە دەکەن بە بیانوی کوردبوونیان، **ئەگەر ئەم نووسینەت وەربگێڕدرێتە سەر هەر زمانێکی ئەورووپی ئەوە بە دژە دیموکراتیت لە قەلەم دەدەن نەک بە فمینستێکی لیبڕالی دیموکراتیخواز.**